کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-2-2007 16:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ماڵپەری مهاباد ئینفۆ ڕووی ڕاستەقینەی جیناحی هیجری پیشان دەدا ... کامران . س

ماڵپەری مهاباد ئینفۆ ماوەیەک بەر لە دوولەت بوونی حیزب دامەزراوە و بۆتە بڵیندگۆی تەبلیغاتی ژاراویی باندی هیجری بە دژی کەمینەی حیزبی دیمۆکڕات و بە تایبەت ئەو کەسانەی کە ڕابروویەکی زۆردوور و درێژیان لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا بردۆتە سەر. ئەم ماڵپەرە وێڕای تەئیدی هەموو کردەوەکانی جیناحی هیجری وجنێو دان بە هەموو موخالیفانی ئەم جیناحە دەستی کردۆ بە دانانی وتار و وتووویژی سەرانی ئەم باندە کە سەرو سەکوتی ئاغای شەرەفی جێگری ئاغای هیجری و چەند کار بە دەستێکی دیکەیان زۆر بە باشی دەردەکەوێت.
ئەم ماڵپەرە بە ئاڵای کوردستان ولە تەنیشتی ئەو ڕەسمی پێشەوا و ناوی مەهاباد وڕەسمی چەند پێشمەرگەیەک ڕازاوەتەوە، مرۆڤ وا هەست دەکا کە لە ژێر ئەم ناوە پێرۆزانە دا جگە لە وتاری بەنرخ و دیفاعی پیرۆز لە جووڵانەوەی گەلی کورد هیچ شتێکی تربەدی ناکرێ. بەڵام کە دەچی بۆ ناو ماڵپەرەکەیان دەبینی کە چەندە بێ بەزەیانە کەڵکی خراپ لە ئاڵای کوردستان و ڕەسمی پێشەوا و ئەوانی تر وەردەگرن، ڕاست بەم جۆرەی کە دوژمنانی گەلی کوردکەڵکیان لێ وەردەگرن. ئەوان لە ژێر ئەم ناوە پیرۆزانە دا سەنگەریان لە هاوسەنگەرانی پێشوویان گرتۆو و بێجگە لە دوژمنایەتی کردنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە تا ماوەیەك لە مەوبەر لە یەك سەنگەر دابوون هیچ دوژمنێکی دیکە شک نابەن و ئەوەی ووشەی بێ بایەخ و دوور لە هەموو ئەخلاقیێکی شۆڕشگێرێ بۆ داڕوشاندنی کەسایەتییە سیاسییەکا نی گەلی کورد کەڵکی لێ وەردەگرن.
جنێو فرۆشتن، قسەی سووک، بێ ئیحترامی کردن بە دەوروبەر، بیانوو گرتن و بوختان هەڵبەستن لە ناو خەڵکی دواکەوتوو و تێنەگەیشتوودا شتێکی باوە و زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوانەی کە ماڵپەری مهاباد ئینفۆ بەڕێوە دەبەن خۆیان بە لایەنگری دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید دوو ڕێبەری شەهیدی حیزبی دیمۆکرات دادەنێن و بێ جگە لە خۆیان پێیان وایە هیچ کەس ناتوانێ ڕێبواری ڕێگای ئەم دوو شەهیدە بێت،
لە لایەکی تریش عەمدەن ناوی ماڵپەرەکەیان ناوە مهاباد کە ئەوەش بۆ خۆی جێگای باسە کە دەچینە سەر ئەویش.
ئەوەی کە بە لای منەوە گرینگە ئەوەیە کە ئەو ڕێگا لێ وون بوویانەی بەڕێوەبەری ماڵپەری بێ سەرەو بەرەی مهاباد ئینفۆ لە ژێر ناوی دیفاع لە دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید دا خزمەت بە دوژمنانی گەلی کورد دەکەن و تەنیا و تەنیا بۆ خۆش خزمەتی بە کۆماری ئیسلامی ئەم کارە دەکەن.
ئەم بەڕێزانە هەموو تێکۆشانی سیاسی و ڕابردووی دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید لە دژایەتی کردنی ڕێبەراییەتی شۆڕشگێردا خولاسە دەکەنەوە و ناوی ئەم دوو شەهیدە لەم چوارچێوەیە دا نابەنە دەر، وەک ئەوە کە ئەم دوو شەهیدە هەموو ژیانیان لە دژایەتی کردنی ڕێبەراییەتی شۆڕشگێر دا فیدا کردبێ، کە ئەم کارە نەک هەرخزمەت بەم دوو شەهیدە ناکا بەڵکوو لە بایەخی تێکۆشانی سیاسیشیان کەم دەکاتەوە، جون دژایەتی دەگەڵ هێزێکی کوردی بۆهیچ کەس نەبۆتە جێگای شانازی کە بۆ ڕێبەرانی شەهیدی حیزب ببێتە شانازی، دژایەتی کردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید دەگەڵ ڕێبەراییەتی شۆڕشگێر ماوەیەکی زۆر کورتی زەمانی خایاند و بە داخەوە شەهید بوون ئەگینا وەک چۆن مام جەلال و کاک مەسعود دوای چەندین ساڵ دژایەتی یەکتر و خوێن ڕشتن لە کۆتایی دا ئاشت بوونەوە و هە موو ناکۆکییەکانیان بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد وەلا نا بێ گومان ئەوانیش ئەم کارەیان دەکرد بەڵام ماڵپەری مهاباد ئینفۆ کە وادیارە لە سکرتارییەتی جیناحی هیجری ڕا ئەم وەکالەتەیان درابێتێ خۆیان کردۆتە وەکیلی ئەم دوو ڕێبەرە شەهیدە و دوای مەرگیش لە باتی وان بڕیار دەدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شتێکی زۆر سروشتیە کە لە کاتی دژایەتی دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید دا ئەم دوو شەهیدە زۆر شتیان گوتۆو چون ئەوان ریبەرایەتی شۆرشگێریان بە موخالفی سیاسی خۆیان زانیوە خۆ نەشدەکرا بە موافقەتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر شت بڵێن بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە کە ئەم موخالفەتە بۆ هەمیشەیە و کۆتایی پێنایەت، وەك دوژمنایەتی پارتی و یەکیەتی کۆتایی پێهات، وەك دوژمنایەتی کۆمەڵە و حیزب کۆتای پێ هات بێ شک دوژمنایەتی حیزبی دێمۆکرات وریبەرایەتی شۆڕشگێریش کۆتای پێ دەهات و وەک دیتمان بە خۆشێوە کۆتایی هات بەڵام ئەوانەی کە چاویان بەرایی دیتنی ئەم سەرکەوتنەیان نەدەدا قەت قەت لە دڵەوە پێشوازییان لێ نەکرد و وەک دەبینین ئێستاش لێی ناکەن.
ئەم ماڵپەرە لە لایەن باندی ئاغای هیجرێوە بەڕیوە دەچێ و بەرێدەچێ و بۆ شکاندنی کەسایەتی ئەم کەسانە داندراوە کە ماوەیەکی زۆر لە حیزبی دێمۆکرات دا خزمەت دەکەن و کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە زەفەریان پێ بەرێت.
بۆیە دانانی ئەم ماڵپەرە جگە بۆ خۆ شیرین کردن لە بەردەم دوژمنانی حیزب لە هەمان کاتدا چرا سەوزیکە بە کۆماری ئیسلامی دەدرێ کە داهاتوو ئەم شتە زۆر چاک ڕوون دەکاتەوە.
ئەم چەند هۆکارە شۆقی ئەم چرا سەوزە زیاتر دەکەن
1- لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردۆوە کە ئەم ماڵپەرە دامەزراوە لە و چل پەنجا بە ناو وتارە دا کە بڵاویان کردۆتەوە تەنیا یەك بابەتی تێدایە بە دژی کۆماری ئیسلامی کە ئەویش لە سایتی ئاوێنە وەرگیراوە و قسەکانی چەکۆ ڕەحیمی کە وەک دیتمان سەرکردایەتی جیناحی هیجری زۆر زوو بەرپەرچیان داوەوە لە بڵاو کراوەیەک دا وتەکانی چەکۆی ڕەحیمیان بە نەزەری شەخسی خۆی وەسف کرد، ئەگینا هەموو بابەتەکانی تر رووی جنێو و بێ ئیحرامی ئەو وتار نووسانە لە و کەسانەیە کە دوژمنی کۆماری ئیسلامین، ئایا ماڵمپەرێکی ئاوا ئەگەر لە ناوخۆی ئێرانیش دابنرێت بڵێی کۆماری ئیسلامی هیچ موزاحمەتێکیان بۆ پێک بێنێ.؟
2- ماڵپەری مهاباد ئینفۆ کە خۆیان بە خاوەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا دەنێن بۆ یەک جاریش یادی بۆنە حیزبێکانیان نەکردۆتەوە جا لە 25ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات ڕا بگرە تا دەگاتە26 ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە، 2ی ڕێبەندان یادی کۆماری کوردستان، . 10ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان، ئایا ئەمە بۆ هەموو لایەک جێگای پرسیار نییە؟؟
3- ماڵپەری مهاباد ئینفۆ زۆر خۆی بە لایەنگری دوکتور قاسملوو دەزانێت بەڵام وەک هەمووومان ئاگادارین لە مانگی پێشوو دا دەنگۆی گرتنی قاتڵەکەی دوکتور قاسملوو لە هەولێر لە لایەن هێزەکانی ئەمریکا بڵاو بۆوە زۆربەی زۆری ڕاگەیەنە ناو خۆی و دەرەکێکان باسیان لێ وە کرد، ئایا رێبوارانی بەوەفای دوکتور قاسملوو کە ماڵپەری مهاباد ئینفۆ بەرێوەدەبەن بۆ چی خۆیان زەحمەت نەدا تەنانەت هەواڵەکەش بڵاو کەنەوە؟؟
ئایا ئەوە خواستی کۆماری ئیسلامی نییە؟؟؟
4-ماڵپەری ئەم بەرێزانە بە ناوی مهاباد ە بەڵام ئەو جێگایەی کە ناوی شاری مهابادی لێ نوسراوە ناکرێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە چون ئەگەر بکرێتەوە و باسی شاری مەهاباد بکەن بە خۆیان نێ دەبێ زۆر شت بڵێن کە لەوانەیە لە لایەک ئاغای هیجری و شاهۆ بە دڵیان نەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە دڵی ئاغا تورکەکانیان لێ بێشێ. ئەگینا چۆنە ماڵپەرێک بە ناوی مهاباد کراوەتەوە بەڵام تەنانەت یەک ڕەسمی شاری مهابادی تێدا نییە و ئەم شوێنەش کە نوسراوە شاری مەهاباد ناکرێتەوە و بە تاڵە ئایا ئەوە ئەگەر نیشانەی سووکایەتی کردن بەم شارە و کەڵکی خراب وەرگرتن لە ناوەکەی نەبێت هیچی تردەگەیەنێت؟ئایا ئەوە خواستی کۆماری ئسلامی نییە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناوی مهاباد لای هەمووکوردێکی دڵسۆز لە هەر چوار پارچەی کوردستان وەک ناوێکی پیرۆز چاوی لێدەکرێ، مهاباد نەک لەبەر خەڵکەکەی یان خاکەکەی یان سروشتەکەی چون هەموو کوردستان لەم بارەوە وەک یەکە و هەموو شوێنەکان وەك یەک خۆشن بەڵام هۆکارە سیاسییەکەیەتی کە ناوی ئەم شارە پیرۆز دەکا.

ئەم قەڵەم بە دەستانەی ماڵپەری مهاباد ئینفۆ دەبوو شەرم بکەن کە بەم جۆرە لە ناوی مەهاباد بە دژی جووڵانەوەی گەلی کورد و کەسایەتیە سیاسییەکان کەڵك وەردەگرن.

ناوی مهاباد مرۆف دەباتەوە چوار چرا و سەری کڕنۆش دادەنوێنێ بۆ ئەم هەمۆ شەهامەت و ئیمان و غیرەتەی کە پێشەوای نەمرلە کاتی لە سێدارەدانی دا لە بەرامبەر جەلادەکانی ڕەزا شا دا لە خۆی پیشان دا.

ناوی مهاباد مرۆڤی کورد دەخاتەوە یادی ئەم ڕۆژەی کە59 لاوی مهابادی بە دەستی جینایەتکارەکانی کۆمارئیسلامی لە سێدارە دران و ئەم شارە بەرگی ڕەشی پۆشی

ناوی مهاباد وەبیرهێنەرەوەی هەزاران قارەمانەتی و فیداکاری پێشمەرگە گیان لە دەستەکانی ئەم مەڵبەندەیە

کە بە خوێنی سەدان پێشمەرگەی کۆڵنەدەر تۆمار کراون و بۆ هەمیشە وەک لاپەرەیەکی زێرین لە مێژووی گەلەکەمان دا دەمێنێتەوە.

بەڵێ ماڵپەری مهاباد ئینفۆ بێجگە لە دڵخۆشکردنی دوژمنانی گەلی کورد لە سەرەوەی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێران و بێجگە لە بێ ئیحترامی کردن بە تێکۆشەرانی گەلەکەمان هیچ خزمەتێکی دیکەی بە جووڵانەوەی گەلی کورد نەکردۆ.

ئەم ماڵپەرە ماهییەتی جیناحی هیجری بۆ هەموو کەس زیاتر ئاشکرا دەکا و ڕادەی تێگەیشتووی و پێگەیشتووی ئەم پاوانخوازانە بۆ هەموولایەک زیاتر ڕوون دەکاتەوە پاداشتی دانانی ماڵپەرێکی ئاوا کەم بایەخ و بێ سەروبەرە کە پڕە لە سووکایەتی کردن بە کەساییەتییەکانی ناو حیزب و دەرەوەی حیزب لە وانەیە جگە لە دانی چرا سەوزێک بە کۆماری ئیسلامی و وەرگرتنی نامەیەکی ئافەرین لە لایەن نەزمی ئەفشارەکانەوە هیچی تر نەبێت بەڵام بۆ هەمیشە ڕووڕەشیان بە نسیب دەبێت و بێجگە لە پەشیمانی هیچی تریان پێ نامێنێت.

20ی ڕێبەندانی 1385
2006/02/10

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.